میخاییل سیمۆنویچ لازاریڤ

# پۆلێنبەندیی قۆناخەکانی

# مێژووی کورد



وەرگێڕ: مەنسور سدقی

٢٠١٦

# پۆلێنبەندیی قۆناخەکانی میژووی کورد

میخاییل سیمۆنویچ لازاریڤ
وەرگێڕ: مەنسور سدقی

٢٠١٦

## تێبینی وەرگێر

ئەو نووسراوەیەی پروفیسۆر لازاریف لە ساڵی ٢٠٠٠، لە لاپەرەکانی ٣٥-٣٧ی ژمارە ٩ی گۆڤاری Дружба (Dostani) (درووژبا) چاپی مۆسکۆ بڵاوبۆتەوە. دەقی رووسی ئەم بابەتە لە ماڵپەری رووسی www.kurdist.ru وەرگیراوە.

## پێشەکی

مێژووی کورد، مێژووی دەوڵەتی پێکنەهاتووی گشت کورد نییە، بەڵکوو مێژووی گەلی کوردە، ئەو گەلەی کە رۆژگارێکی دوورودرێژ ژیانی مێژوویی خۆی لە ژێر دەسەڵاتی چەندین دەوڵەت تێپەر کردووە و هەر ئەوەش تایبەتمەندیی بنەڕەتی ئەم مێژوویەی پێکهێناوە و دژواری سەرەکی دەخاتە سەر ئەرکی پۆلێنبەندی قۆناخەکانی ئەو مێژوویە کە نەتەنیا پەیوەندی بە خودی کورد هەیە، بەڵکوو هەموو ئەو گەل و دەوڵەتانەش دەگرێتەوە کە بەدرێژایی سەدان ساڵ لەگەڵ یەکتر ژیانیان بەسەر بردووە.

دەسنیشانکردنی قۆناخەکانی مێژووی کورد کە بە تەواویی مێژووی ئەم گەلە بەرجەستە بکاتەوە، گەلێک دژوارە. چونکە پێویستە بەتایبەت و بە درێژایی مێژووی سەدەکانی راپردوو، هێڵی کرۆنۆلۆژی کورد لە رۆژاوای ئاسیا واتە لە لانکەی شارستانیەتی جیهان دیاری بکەین. لایەنی تایبەتی ئەم مێژوویە بریتییە لە خەباتی کورد لە پێناو ئازادی و سەربەخۆییدا کە روخساری سەرەکی مێژووی ئەم گەلەی پێکهێناوە.

دەسنیشانکردنی کاتی دەسپێک و سەرەتای مێژووی کورد هاسان نییە. ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ هەزار ساڵێک پێش سەردەمی دەسپێکی "ڕەوتی گەشەی ئێتنیکی"[1] کورد (نزیکەی سەدەکانی ٤-٥ی پێش زایین تاکوو سەدەی ٤ی پاش زایین)، کاتێک پرۆسەی پێکهاتنی گەلی کورد لە گۆرەپانی ژینگەی ژیانی هەنووکەیی کورددا تێپەڕ دەبوو. دەکرێ ئەو سەردەمە بە قۆناخی "پێش مێژوو"[2]ی کورد ناو بەرین، کاتێک هێشتا هیچکام لە لایەنە پێکهێنەر و کاریگەرەکانی پەیدابوونی گەل پێکنەهاتبوون. ئەوانەش بەلانی کەم بریتیی بوون لە کۆمەڵانێکی تێکەڵاو لە خێڵە ماڵباتی و پتر ئێرانی زمانە شوانکارەکان کە لە پانتایی زلهێزە کەونارەکانی ماد و پارس دا دەژیان و وادیارە ئەوانەی کە بنەچەی ئێتنیکیان پتر گەڕاوەتەوە سەر مادەکان، باڵادستی پەیدا دەکەن. لێرەدا بێگۆمان هەر یەک لەم خێڵانە نەیانتوانیوە نەخشی سەربەخۆیانە بگێڕن.

قۆناخی کۆتایی "ڕەوتی گەشەی ئێتنیکی" کورد لە سەدەکانی ٤ تا ٢ی پێش زایین روویداوە و پاش زایین و لە کۆتایی سەردەمی دەسەڵاتی دوایین ساسانییەکاندا، دەکرێ بڵێین کە کورد وەک گەلێکی سەربەخۆ بە پێناسەیەکی ئێتنیکی ئاشکرا و روون پێکدێت کە هەڵگری زمان و روخساری کولتووری و کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆی دەبێت. لە دەسپێکی داگیرکارییەکانی عەڕەبە موسڵمانەکاندا (دەیەی ٣٠ تا ٤٠ی سەدەی ٧ی زایینی) کورد ئیتر نەخشێکی مێژوویی سەربەخۆیانە لە گۆرەپانی

---

[1] Ethnogenesis بریتییە لە رەوتی پێکهاتنی کۆمەڵگای ئێتنیکی یەک ئێتنۆس (Ethnos) لەسەر بنەمای پێکهاتە ئێتنیکییە جیاوازەکان. ویکیپێدیا -. وەرگێڕ.

[2] prehistory

ڕۆژهەڵاتی نزیکدا دەگێڕێ و ڕێک لەم کاتەوە دەکرێ دەست بە پۆلێنبەندیی قۆناخەکانی مێژووی کورد و کوردستان بکەین.

## قۆناخی یەکەم

ئەم قۆناخە، سەردەمی داگیرکردنی کوردستان بە دەست عەڕەب و بەموسڵمانکردنی پرانی دانیشتووانی و بەربەرەکانی زۆر بەهێزی کورد لە بەرامبەر بەکۆیلەکردنیان بەدەست عەڕەبەکان بە درێژایی حکومەتەکانی "چوار خەلیفەکان" (٦٣٢ تا ٦٦١)، ئۆمەوییەکان (٦٦١ تا ٧٥٠) و عەباسییەکان (٧٥٠ تا نێوەڕاستی سەدەی ١١ کاتی هێرشی سەڵجووقییەکان) دەگرێتەوە. واتە ٤ سەدەی رەبەق ئەزموونێکی تاڵ بۆ گەلی کورد و لەو ماوەیەدا گەلێکجار رووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ مەترسی راستەقینەی پاکتاوکردن، یانخود سڕینەوە بەدەست عەرەبەکان و داسەپانی ئایینیان، واتە ئیسلام و لەدەستدانی پێناسە و روخساری ئێتنکی-نەتەوەیی ئەم گەلە.

لە ماوەی ئەم قۆناخە دژوار و ئەستەمەی مێژووەکەیاندا، گەلی کورد ئەگەرچی بێگۆمان خەساری بەرچاوی بەرکەوت، بەڵام سەربەرزانە راوەستا. موسڵمانکردن نەبوو بە هۆی سڕینەوەی زمان و پێناسە سەرەکییە

ئێتنیکییەکانی دیکەی ئەم گەلە. تازە، ڕێک لە سەردەمی خەلافەتدا پڕۆسەی یەکگرتنەوەی ئێتنیکی کورد کەوتە رەوتی بێگەڕانەوەی خۆی و پشکووتنی روخسارگەلێکی هەرە تایبەتی ئتنۆسی کوردی لێکەوتەوە وەک: ئەوپەڕی ئازایەتی سەربازی، ئازادیخوازی بێسنوور و دژایەتی لەگەڵ هەر چەشنە ژێر دەستە بوونی دەسەڵاتی بێگانە و دەستێوەردانیان لە کاروباری نێوخۆییاندا، پێکهێنانی شێوازێکی تایبەت لە رێکخستنی کۆمەڵگا بە روخسارگەلێکی بێوێنە و دەگمەنی کولتووری نەتەوەیی کوردی. گشت مێژووی ژیانی گەلی کورد لە ژێر دەسەڵاتی خەلیفەکانی عەڕەب بریتییە لە زنجیرەیەکی نەپساوە لە راپەڕینەکان کە ئەوەش لەڕاستیدا خودموختاربوونی بۆ کورد لێکەوتووتەوە. دەستکەوتی هەموو ئەوانەش بۆ کورد راوەستانی خۆڕاگرانە بووە لە بەرامبەر تەواوی ئەو کارەساتە دڵتەزێنانەی کە مێژوو بێبەزەیانە تووشی کردوون.

لە کۆتایی ئەم قۆناخەدا (نێوەڕاستی سەدەی ١٠ تا نێوەڕاستی سەدەی ١١)، کاتێک لێکبڵاوبوونی خەلافەتی عەباسی خێراتر دەبێ و خەلیفەکانی بەغدا بەکردەوە دەسەڵاتی خۆیان لەدەست دەدەن، نۆخبەیەکی دەسەڵاتدار لە نێو هۆزگەلی کورد پێکدێن کە کاریگەرترینیان بە داگیرکردنی ناوچەکانی خەلافەت، مافی سەرپەرەشتیکردنی ئەو ناوچانە وەدەست دێنن و لەم کاتە و یان هێندێک دواتر دەبنە دامەزرێنەرانی سلسلەکانی میرانی کورد (حەسەنەوییەکان، مەروانییەکان، شەدادییەکان، ئەیووبییەکان). ئەگەرچی میرنشینەکانی کورد زۆرترین و سەرەکیترین ئاپۆرای کوردیان نەگرتەوە،

بەڵام لەم سەردەمە پەڕینەوەدا، بوونە داڕێژەڕانی نەریتی خەباتێکی سەدان ساڵە لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتی کورد.

## قۆناخی دووەم

ئەم قۆناخە، سەردەمی داگیرکاری تورک-مەغوولەکان دەگرێتەوە و ٤٥٠ ساڵ درێژە دەکێشێ (تا سەرەتای سەدەی ١٦). هێرشە داگیرکارانە و لەژمار نەهاتووەکانی تورک و مەغوولەکان، ئەوپەڕی چارەڕەشی بۆ دانیشتووانی کوردستان لەگەڵ خۆی دێنێ و کوشت و کوشتارێکی بەردەوام و دەیان جار وێرانی لێدەکەوێتەوە. لێرەدا کوردەکان رووبەڕووی گەلێک خەساری گیانی و ماڵی دەبنەوە. پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی کورد بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دەوەستێ و رەوتی یەکگرتنەوەی ئێتنیکی نەتەوەی کورد لە خێرایی دەکەوێ. دۆخێکی فرە نەگۆنجاوی مێژوویی کۆسپ دەخاتە سەر پێکهاتنی نێوەندێک بۆ یەکگرتنەوەی خاکی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان. پەرشوبڵاویی سیاسی لە کۆمەڵگای کوردیدا نەتەنیا کۆتایی پێ نایە، بەڵکوو بەپێچەوانە، بە رادەیکی زۆر بەرەو هەڵکشان دەچێ. بۆیە لەو کاتەدا کە کورد لە گۆڕەپانی رۆژهەڵاتی نزیکدا دەکەوێتە نێوان دوو ئیمپراتوریای زلهێزی سەربازی عوسمانی و سەفەوی، نەیتوانی رووبەڕووی ئەم ئەزموونە تازە و فرە گرینگە ببێتەوە.

## قۆناخی سێهەم

ئەم قۆناخە دەکەوێتە ٣٠٠ ساڵی نێوان سەدەی ١٦ تا سەدەی ١٨ و سەردەمی پەیدابوون و خامۆشی تورکانی عوسمانی وەک قەڵای سونیگەریی لە جیهانی ئیسلامیدا و هەروەها ئێرانی سەفەوی وەک نوێنەری شیعەگەریی. رێک لەم سەردەمەدا (١٥١٤) پارچەکردنی کوردستان روودەدات و دادەسەپێ. بەشی هەرە زۆری کوردستان (باکوور، باشوور و رۆژاوا) دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتوریای عوسمانی و تەنیا بەشی رۆژهەڵات دەبێتە پشکی ئێران. ئەم دابەشکارییە بۆ مێژووی گەلی کورد مەرگهێنەر دەبێ، چونکوو کۆسپێکی مەزن دەخاتە سەر رێگای دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ و یەکگرتوو، ئەرکێکی کە تاکوو ئێستا بە چارە نەکراویی ماوەتەوە. جگە لەمە، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ کوردەکان بوون بە پەردووی ئاگری شەڕی سۆلتانەکانی تورک و پاشاکانی پارس و لە شەڕە نەپڕاوەکانیاندا بەفراوانی کەڵکیان لە هێزە سەربازییەکانی کوردان وەرگرت و هەر دوو لای سنووری نێوانیان کە ببوون بە گۆڕەپانی پێکدادانە سەربازییەکان بە خوێنی کوردان ئاودران. هەڵبەت ئەم قۆناخە لە مێژووی کورد، تەنیا بە ئاکامی نەرێنی کۆتایی پێ نەهات.

هەر لەم سەردەمەدا، ستروکتورێکی سیاسی-کۆمەڵایەتی تایبەت بە کۆمەڵگای کورد، سەقامگیر دەبێ و بەستێنی پێکهاتن و گەشەی نەتەوەی کورد پێکدێنێ. کورد لە ئیمپراتووریای عوسمانی و ئێراندا چەشنێکی تایبەت لە ژیان بۆخۆی دەستەبەر دەکات و راستەوخۆ ناکەوێتە

ژێردەستی دەسەڵاتە بێگانە و سەرەرۆکانی ئەم دوو وڵاتە، واتە ئەم دەسەڵاتانە بەشێوازی ناراستەوخۆ کاریگەریان لەسەر ژیانی کورداندا دەبێ. سیستەمێکی دەرەبەگایەتی تایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ پێکهاتە فێئۆداڵی-عەشیرەتییەکانی کورد جێگیر دەبێ کە بەشێوەیەکی نەریتی لەلایەن سەرکردە ئایینی و پیاوماقۆڵەکانەوە (میر، شێخ، خان، بەگ و ئاغاکان) رێبەری دەکرێ و مانەوەی نێوەسەربەخۆیی کورد دەپارێزێ. هەر ئەوەش لە لایەک، کورد لە سەرەرۆیی راستەوخۆی سوڵتان و شا ستەمکارەکان هێندێک دەپارێزی و هەڵی بۆ دەڕەخسێنی تا پێناسەی نەتەوایەتی خۆی جێگیر بکات و بەستێنێکی گۆنجاو بۆ پەیدابوون و پەرەگرتنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و گەشەی کولتووری نەتەوەیی خۆی پێک بێنێ.

هەڵبەت لەلایەکی دیکەوە، ئەوە دەبێتە یارمەتیدەر بۆ پەراوێزخستنی کوردستان لە جیهانی دەرەوە و لە ئاکامدا پێشگرتن لە پەرەسەندنی گۆڕانکارییە پێشکەوتووەکان بەهۆی دامەزراوە کۆمەڵایەتییە بناژۆخواز و کۆنەپەرەستەکانی کۆمەڵگا و بەتایبەت، پارتیکولیاریزمی فێئۆداڵی-عەشیرەتی کورد کە رۆڵێکی کۆنەپەرەستانەی لە مێژووی کورددا گێڕاوە. قەیرانی سیاسی-سەربازی و ئابووری-کۆمەڵایەتی ئێران و عوسمانی کە لە سەدەی ١٧وە دەسپێدەکات و لە سەدەی ١٨دا دەگاتە لووتکەی خۆی، لاوازیی بەرچاوی دەسەڵاتی سوڵتانە تورکەکان و شاکانی ئێران بەسەر هەرێمە کوردییەکانی لێدەکەوێتەوە و تەنانەت لە زۆر شوێن دەگاتە نزمترین ئاستی خۆی.

## قۆناخی چوارەم

ئەو قۆناخە لە سنوورەکانی نێوان سەدەکانی ١٨ و ١٩ دەسپێدەکات و تا شەڕی یەکەم جیهانی دەگرێتەوە. واتە قوناخی لێکبڵاوبوون و گۆڕانکاریی بنەڕەتی ئیمپراتوریای عوسمانی و رووخانی قاجارەکان لە ئێران و بەتەواویی وابەستە بوونیان بە زلهێز و کۆڵۆنیالیستە سەرەکییەکانی رۆژاوا و (لە نێوەی دووەمی سەدەی ١٩) بە دەوڵەتی رووسیا. سەرەتای ئەم قۆناخە هاوکاتە لەگەڵ لووتکەی جیاخوازی کورد، کاتێک بەشەکانی باشووری رۆژاوا، باشوور و باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان بەکردەوە لە تورکیا و ئێران جیادەبێتەوە و میرنشینێکی سەربەخۆی کورد لی دادەمەزرێ. بەڵام "قاپی"[3] توانی هێزەکانی خۆی پۆشتە بکاتەوە و رووبکاتە رۆژهەڵاتی وڵات و لە ساڵانی ٣٠ تا ٤٠ی سەدەی ١٩، هێرش گەلێکی سەربازی بەناوی "دووهەم داگیرکاری کوردستان" بەڕێوەبەرێ. چەند ساڵ دوواتریش جموجوڵێکی هاوشێوە لە ئێرانیش روودەدات.

سەرەڕای ئەمانە، خەباتی کورد لەپێناو سەربەخۆیی کۆتایی پێنایە و بەپێچەوانە، ئەم خەباتە رێک لەو قۆناخە و بەتایبەت لە دووایین ٤٠ ساڵیدا، بەرەو ئاستێکی نوێ هەڵدەکشێ و بەڕاستی دەگاتە ئاستی گشت نەتەوەیی و تەواوی کوردستانی ئێتنیکی دەگرێتەوە. لە دەروازەی سەدەی بیستەمدا، کۆتایی بە سەردەمی جیاخوازی فێئوداڵی-عەشیرەتی دێت و ناسیونالیزمی کورد چ وەک هزر و چ وەک سیاست لەدایک دەبێ کە ئامانجە

---

[3] Porta، قاپی یان "پاشا قاپی‌سی" لە واتای دەروازەی دیوانی حکومەتی عۆسمانی لە ئیستامبۆڵ گیراوە و مەبەست، دەسەڵاتی عوسمانییە . -. وەرگێڕ.

سەرەکییەکەی بریتی دەبێ لە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد لە کوردستانێکی یەکپارچە و سەربەخۆدا. هەر لەم کات و ساتەدا کاتێک لە رووی سەربازی-ستراتێژیکییەوە چاوی تەماى رووسیا و زلهێزە رۆژاواییەکانی دیکە، خاکی کوردان دەگرێتەوە، ئەم ناوچەیە دەکەوێتە نێو تەوەرەی سیاسەتی جیهانییەوە و پرسی کورد سەر هەڵدەدا کە لە سەرەتا وەک کەرسەیەکی[4] پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، بەڵام پاشان وەک ناوەڕۆکی[5] ئەم پەیوەندییانە دێتەگۆڕێ. شەڕی یەکەمی جیهانی پێش زەمینەی دابەشکارێکی نوێ لە ناوچەی کورد سازدەکات. بەتایبەت رووداوە شۆرشگێڕانەکانی کۆتایی ئەم شەڕە لە رووسیا (لە ساڵی ١٩١٧) کاردانەوەی گەلێک مەزن لەسەر ناوچەی کورد لە رۆژاوای ئاسیادا لێدەکەوێتەوە و گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە هەلۆمەرجی ژێئۆپۆلیتیکی ئەو ناوچەیە پێکدێنێ.

## قۆناخی پێنجەم

ئەم قۆناخە ساڵانی نێوان کۆتایی شەڕەکانی یەکەم و دووەمی جیهانی دەگرێتەوە. لەم قۆناخەدا لە چوارچێوەی رێکوپێک کردنی کاروباری جیهان پاش شەڕ کە لە ساڵانی ١٩٢٠-١٩٢٣دا لە لایەن زلهێزەکانی "ئانتانت" (بەناوی پەیمانی ڤێرسای) بەڕیوەدەچێ، لاپەڕەیەکی تازە لە مێژووی کورد هەڵدەدرێتەوە. هەر لەو سەروبەندەدا ئاواتێک

---

[4] object
[5] subjekt

بۆ سەربەخۆیی کورد پاش ڕێکەوتنامەی هەرگیز جێبەجێ نەکراوی سیڤەر (١٩٢٠) پێک دێت کە بەهۆی بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەکان سەبارەت بە بەشەکانی باشوور (لە عێراق) و باشووری ڕۆژاوای کوردستان (لە سووریا) بۆ سەرپەرەشتی ڕژێمەکانی عێراق و سووریا (لەڕاستیدا کۆلۆنیاڵکردنیان) و پارچەکردنی دووبارەی کوردستان، ئەم ئاواتە دەخرێتە گۆڕ. بۆ ماوەیەکی زۆر بریتانیا، کوردستانی عێراق و فەرەنسا، کوردستانی سووریا دەخەنە ژێر کۆنتڕۆڵی خۆیان. لێرەدا زەبرێکی فرە مەزن وەبەر ئاواتی نەتەوەیی گەلی کورد دەکەوێ و بەهۆی بەشداری ڕاستەوخۆی دوو زلهێزە کۆلۆنیالیستە مەزنەکەی ئورووپا، کێشەی کورد ئاستێکی گەلێک دژوار و ئاڵۆز پەیدا دەکات.

وڵامی کورد بۆ ئەو هەلومەرجە نوێ و فرە مەترسیدارە، سەرهەڵدانی خێرا و لەناکاوی ناسیۆنالیزمی کورد بەشێوازی چەندین ڕاپەڕین لە هەموو بەشەکانی کوردستان و دامەزراندنی گەلێک ڕێکخراوەی سیاسی کورد، لەوانەش کاریگەرترینیان "خۆیبوون" دەبێ. بەهۆی نابەرانبەری بەرچاوی هێزکان بە زیانی کورد، بزووتنەوەی ئەم کاتەی کورد ڕووبەڕووی شکست دەبێتەوە. هێزێکی فرە مەزن و هێرشبەر لە ناسیۆنالیزمی تورک و فارس لەگەڵ هێزی ناسیۆنالیستە سەرهەڵداوە عەرەبەکان کە دەسەڵاتەکانی ژێر سەرپەرەشتی بریتانیا و فەرەنسا لە عێراق و سووریا بۆ دژایەتیکردنی کورد دەستی بە کۆکردنەوەیان کردبوو، لە بەرامبەر هێزەکانی کوردا ڕادەوەستن. بەدرێژایی شەڕی دووەمی جیهانی و ڕێک پاش کۆتایی هاتنی، لەژێر دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی بریتانیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی

ئەمریکادا، ئاڕاستەیەکی توندڕاژوانە لە بزووتنەوەی کورددا پەیدا دەبێ (خودموختاری کورد لە ساڵی ١٩٤٦ لە مەهاباد).

## قۆناخی شەشەم

ئەم قۆناخە سەردەمی "شەڕی سارد" دەگرێتەوە (لە کۆتایی ساڵانی ٤٠ تا کۆتایی ساڵانی ٨٠ی سەدەی بیستەم) کە کوردستان دەبێتە یەکێک لە قەلەمندارەکانی ئەم "شەڕە" و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ئاڕاستەیەکی زەقی چەپی دەگرێتەبەر. پێویستە ئەم قۆناخە بە چەند ژێرقۆناخی یەک لەدوای یەک، لێکتر جیا بکەینەوە. لە کۆتایی ٤٠ەکان تا دەسپێکی ٦٠ەکان، خامۆشییەکی ڕێژەیی سەرتاسەری کوردستان دادەگرێ. لەو وڵاتانەی کە کورد تێیاندا دەژی، هێزگەلێکی سەڕەڕۆ لەسەر بنەمای شۆڤێنی لە سیاسەتی نێوخۆیی و لایەنگریی لە وڵاتانی ڕۆژاوایی لە سیاسەتی دەرەکیدا، حکۆمەتداری دەکەن. کەمایەتی کورد لەم وڵاتانەدا لە بەڕێوەبردنی کاروباری کولتووری و سیاسی ژیانی خۆیان بێبەش دەکرێن. چاوڕووانی کورد لە یارمەتی دەرکیش، بێهوودە دەبێ. بەڵام ڕێک لەم ساڵانە و لە کۆمەڵگای کورددا هێزێکی بەرهەڵستکارانەی نەتەوەیی پێکدێت کە خۆی بۆ دەرکەوتن لە کاتی گونجاودا ئامادە دەکات.

ئەم کاتە گۆنجاوە، کۆتایی ٥٠کان و سەرتای ٦٠ەکانە، کاتێک مەزنترین راپەڕینی کوردەکانی عێراق لە سەدەی بیستەمدا بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی ڕوودەدات. ئەم

ڕاپەڕینە لە کۆتایی ٥٠کان لەگەڵ هەڵکشانی لەناکاو و خێرای ناسیۆنالیزمی عەڕەب، لە پلەی یەکەم لە میسر و عێراق و پاشانیش لە وڵاتانی دیکەی عەڕەبیدا، هاوکات دەبێ. لێرەدا یەکێتی سۆڤیەت بە سیاسەتی پشتگیریی هەمەلایەنە لە عەڕەبەکان و کەڵک وەرگرتن لە لاوازبوونی پێگەی روژاوا لە جیهانی عەڕەبدا، مەیدانداری دەکات. نۆرەی کوردیش دەگات و لەسەرەتا، کوردی عێڕاق چەک هەڵدەگرێ و لەپێناو بەرگریکردن لە مافەکانی خۆی، ڕادەپەڕێ.

ڕاپەڕینەکەی مستەفا بارزانی (١٩٦١- ١٩٧٥) ئەگەرچی بەرەوڕووی شکستێکی سەربازیی کاتی، دەبێتەوە، بەڵام لە رووی ماوە، پانتایی و لێکەوتەکانی، هەموو نموونەکانی پێشتر تێپەڕ دەکات. ئەم ڕاپەڕینە کاردانەوەیەکی فرە مەزن و جووڵێنەر لە سەر بزووتنەوەی کورد لە وڵاتانی دیکەدا دادەنێ و ئەم ئاکامە سیاسییە فرە گرینگانەی لێکەوتەوە: دامەزراندنی خودموختاری کورد لە عێراق کە بەغدا دانی پێداهێنا و هەنووکە نەتەنیا لەبۆ کوردانی ئەم بەشە، بەڵکوو لەئاست گشت کوردستاندا، بۆتە کانگا و نێوەندی سەربەخۆیی کورد. ساڵانی٦٠ تا ٧٠کان، بە پشکووتنی خێرای بەرهەڵستکاریی کورد لە تورکیا و ئێران و سووریا بەرجەستە دەبێتەوە و هەر لەم ساڵاندایە کە ئەم بەرهەڵستکارییە رەوتێکی نەپساوە بەخۆیەوە دەگرێ و کوردستان دەکاتە ناوچەیەکی هەرە سەقامنەگرتووی نەتەنیا رۆژاوای ئاسیا، بەڵکوو تەواوی جیهان.

## قۆناخی هەفتەم

ئەم قۆناخە کە قۆناخی سەردەمە، لە کۆتایی ٨٠کانی سەدەی بیستەمی رابردوو، واتە لە کۆتایی هەزارەی دووەم دەستپێدەکات و ئیتر سەدەی یەکەمی هەزارەی سێەمیش دەگرێتەوە. لەم دوایین قۆناخەی مێژووی کورد، بەهۆی تێکرووخانی یەکێتی سۆڤیەت و کۆتایی هاتنی "شەڕی سارد"، تەواوی دۆخی نێونەتەوەیی تووشی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی دەبێتەوە. پێکهاتنی دۆخی جیهانی یەکجەمسەری و باڵادەستی یەکلایەنانە و ئاشکرای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەلومەرجێکی گونجاوی پێکهێناوە بۆ وەرچەرخانی خودموختاری نەتەوەیی کورد لە عێراق بەرەو ئاڕاستەی راستەقینەی خوی کە ئەوەش دەبێتە سەرەتایەک لە رەوتی ئازادکردنی نیشتمانی کورد. رەوتی جیهانگیریی کە لەم ماوەدا گشت ژیانی نێونەتەوەیی گرتووتەوە، کاردانەوەی راستەوخۆی لەسەر کوردیش داناوە. رۆانگەی کۆمەڵگای جیهانی کە رۆژ بە رۆژ پتر بەرەو باڵادەستی ئاڕاستەگەلی لیبرالی و دێمۆکراتی دەچێتە پێش، هەرچی زۆرتر پاڵەپەستۆی خستووتە سەر دەسەڵەتدارانی زلهێزە سەرەکییەکان تا بەشێویەکی کارا هاوپشتی چارەسەری دادپەروەرانەی کێشەی کورد لە پلەی یەکەم لەو وڵاتانەدا بکەن کە رژێمەکانیان سیاسەتی سەرکوتکارانەیان لەهەمبەر گەلی کورد گرتووتەبەر (تورکیا، ئێران). دەنگی خودی کوردیش هەرچی زۆرتر و بە شێوازی جوراجور لە رێکخڕاوە نێونەتەوەییەکاندا بەرز بۆتەوە. هەموو ئەم راستیانەی ژیانی هاوچەرخ، رێگامان پێدەدات تا لە

سنوورەکانی دەسپێکی هەزارەی سێهەمدا گەشبین بین بە چارەسەریی کێشەی کورد و بەلانی کەم هیوادار بین کە مێژووی کورد لە سەدەی داهاتوودا، وەک رابردوو خەمناک نەبێ.